

# ئاوڕێک لەمێژووی تورجان و دەورووبەری

ئاوایی تورجان، سەربەشارستانی سەقز، لەڕۆژئاوایی سەقز هەڵکەوتووە و لە نێوان بۆکان و سەقز لەبناری کێوی وەستا مستەفا و ئاسمان بڵاخی قەراری گرتووە. ئاوایی تورجان گەورەترین ئاوایی ناوچەکەیە. هەروەها لەباری دانیشتوانیشەوە، پڕجەمعییەترین ئاوایی ناچەکەبووە. لەباری ئیداری و تەقسیمی ناوچەیی، لەچوارچێوەی ئیداری دەوڵەتی، تورجان لەدوای ئیسلاحاتی ئەرزیەوە ، لەسەر سابڵاخیان لابردو خرا سەر شارستانی سەقز، پارێزگای سنە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم، گۆشەیەکی کورتە لەسەرمێژووی ناوچەی تورجان و دەوروبەری. ئەمەش دەکرێ وەک قسەو باسێک بێ، بۆ یارمەتی و بەدواداچوونی  مێژووی ناوچەکە.

ئەم باسەی من، گۆشەیەکی کورت، وەک هەموو ئەو قسانەیە، بۆ یارمەتی و دەوڵەمەندکردنی مێژووی ناوچەکەیە. چوونکە زۆر شت هەیە لەسەر ئەم مێژووە من نایزانم، یان نەم بیستووە و ئاگاداری نیم. هەروەها ئەم ناوچەیە، کە ناوچەیەکی بەربڵاو، پڕ لەئاسەواری کۆن. وێنەی ئەم شوێنەوارانەش، لەچەند ناوچە و شاری تر لەبەشەکانی مکوریان و ناوچەکداهەن، لەوانە لەناوچەی شنۆ، سەردەشت، کەرەفتو، قەڵای ئەشرەف، سەمبە، ئیسکیبەغدا، بانوان لەئاجێکەند، شەرەف کەند. ئەمانە تاحەدێکی زۆر مێژووەکەیان کۆنەو وەک یەک دەچن.

ئەم وێکچوون و نزیک بوونی مێژووەش، بڕێکی دەگەڕێتەوە سەردمیماننەکان و پێش ئەوان. ئەوەش بەپێی بەردچن و کەڵکەبەردەکان، قەبرستانەکان، درووستکردنی قەڵاو ئاوایی، کەڵک وەرگرتن لەئاشی ئاو، باخداری، کەمێژووەکەیان زۆر لەپێش مێژووی زاینی و ئیسلامیدابووە.

### پێناسەی تورجان لەدەورانی کۆن

مێژووی تورجان و دەوروبەری، لەگەڵ بەشێک لەناوچەی مکوریان و گەورگی مەهاباد و نزیک گەورگی سەردەشت، تا ئەندازەیەکی زۆر وەک یەک دەچن. ئەوەش بەپێی ئاسەوارو شوێنەوارە کۆنەکان، کە ئێستاش دیارن، ڕابردووی  تورجان و ژیان لەم ئاواییە و دەوروبەری، ئەوە دەیسەلمێنن، مێژووی تورجان کۆنتر لەمێژووی ماننەکانە. ئەوەش بەپێی ئاسەوارەکان، کەڵەک و بردچنەکان، قەڵاکۆنەکان، ئاشە ئاوەکان، باخداری، ئەم ناوچە زۆردەمێکە ژیان تێدا بەردەوام بووە.

دەلیلەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەپێی گرنگی ناوچەکە لەزۆر بواردا، بۆ ژیان و بەرگری ئەوە ئیسبات دەکا. قایمی ناوچەکە، بۆ خۆ تەیارکردن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن لەهەموو

بارێکەوە. ئەوەش بۆ هێزی مونەزەم و کاری لەشکری. حەوانەوەی دەستەجەمعی و ئاوەدانی گەورە، کەدواتر بۆتە بەشێک لەدەسەلاتیماننەکان، لەموقابیل هێزی بێگانە بۆ سەریان.

تورجان وەک نوکتەیەکی ستراتژی و شاخاوی، بۆ خۆپاراستن و حەوانەوە و لەوەڕگەی بەرفراوانی ئاژەڵداری، بۆ زستان و هاوین، بۆ کشتوکاڵ. بوونی دارستان و جەنگەڵ، کەلەگەڵ باقی شوێنەکانی تری ناوچەکە جیاوازبووە. بەپێی ئەو ئاسەوارانەی ئێستاش هەن، ژیان لەم ئاواییە و دەروبەری، شوێنەواری کشتوکاڵ و حەوانەوە، دەگەڕێتەوە پێش قەلای ئایچی، کە دەگوترێ میراتی ماننەکانە.

**تورجان و مێژووی ناوچەکانی دەوروبەری**

بۆ باشتر ناسینی مێژووی تورجان لەسەر ئەو ئاسەوارە کۆنانەی، کە لەو قەلا و قەبرانەی بوون و دۆزراونەوە، دەری دەخەن، ئێرە ئاواییەکی سادە و تەریک نەبووە! ئەوانەش شوناسی مێژووین. ئەوەش لەو ئاسارانەی دۆزراونەوە، وەک کوپە، دیزەڵە، زەرف و زرووفی ناو ماڵ و نان خواردن، کەرەسەی کارکردن، کەڵک وەرگرتن لەئاشی ئاو. باخ، کشتوکاڵ. شێوەی ئەو قەبرستانانەی لەزەویەکانی کەڵەکان، بەراشان، چنگاسنین، قەلاگە و دەوروبەر هەن و دۆزراونەوە،گەلێک لەگەڵ شێوازی قەبرو دابونەرێتی میسریەکان لێک نزیکن. بۆ نمونە، لەمیسر مردووەکانیان بەقونەوە"هەڵتروشکان" دەناشت! هەرچی کەرەسەو سەروەتی مردووبوو لەگەڵیان دەناشت. لێرەش لەدەوروبەری تورجان لەقەبرە کۆنەکانی کەڵەکان و کانی کیسەلان، ئەو یەسکوپلوسکانەی لەناو کوپە و قەبرەکاندابوون هەروابووە و لەسەر ئەو نەرێتەبووە. کە ئەمە دەیسەلمێنی، تورجان وەک شوێنی نیشتەجێی تایبەتی و کۆنە.

ئەم شوێنانەش، وەک ئاسەوار و ئاواییەکۆنەکان، کە شوێنەکەیان دیارە، لەچەندین شوێن لەو شوێنە گرنگ و ستراتیژیانەی، کە ئێستاش دیارن و ئاسەواریان هەرماوە، کە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی تەریک و دابڕاونەبووە. شوێنی ماڵ و بیناکانی ئەو ناوە، لەگەڵ ئاوایی و شوێنە کۆنەکانی نێوان ئاجیکەند، عیلماباد، ئەزیزکەند، ئاشی گولان و بەرووکاری خۆراسانەدا، بەناوی بانوان شەباهەتیان بەیەکەوە هەیە. مەسەلەن شێوەی قەلاگە لەتورجان، کەڵەکان، بەراشان، چنگاسنین، کانی کیسەلان، چاڵی خۆشەڵکێشە و چەندین شوێنی تر لەناوچەی تورجان.

لەدوورتری ئێستای ئاوایی، کە وەک ئاوەدانی و شوێنی ژیان بووە. شوێنەواری ئاشەکۆنەکان. قەبرستان. ئەم قەبرستانانە خۆیان هەرکام هی دەورەیەکی زۆر کۆنن، لەچەند شوێنی ئاوایی هەڵکەوتوون و بەدەوری ئاواییەوەن، کە بوونی ئەوانە ئەوە دەردەخەن، ئەم ئاواییە لەچ عەیامێکەوە ژیانی تێدا بەرقەراربووە. بەم ئاسارە کۆنانە دەردەکەون، تورجان یەکێک لەو ئاواییەکۆنانەیە، کە دەتوانێ وەک سەقز مێژووی کۆن بێ.

واتا مێژووی تورجان ئەگەر زۆر پێش مێژووی قەلاکانی ڕەبەتی سەردەشت، ئایچی، کۆکە، سەمبە، ئیسکیبەغدا، بانوانی سەر ئاجیکەندو ئەزیزکەند، حەسەنلوی شنۆ، کۆشیکی زارا، شەرەفکەند، خانەقا و بۆگەبەسی نەبێ، مێژووەکەی لەوانە کەمترنییە.

## گرنگی تورجان بۆ ژیان و حەوانەوە لەوسەردەمدا

ژیان و مانەوە لەتورجان و هەڵبژاردنی ئەم ناوچە وەک مەرکەز، لەچەندین بارەوە گرنگ بووە؟ یەکەم، وەک ناوچەی شاخاوی دەوردراو بەچەندین ڕیزەکێوی قایم و بەرز بۆ خۆپاراستنی سەربازی. دووهەم، لەوەڕگە، کانیاوی فراوان لەتەواوی شیودۆڵەکانی تورجان. سێهەم، دارستان و باخات. چوارەم، زەویی بەپیت بۆ کشتوکاڵ. پێنجەم، وەک چواررێیانی نێوان مکوریان بۆ باشور و ناوچەی سەقز بەرەو ناوچەی ئەردەڵان. لەڕۆژ ئاوا تا ناوچەی بانە و شاخەکانی شێخ چۆپان، مێرگەنەخشینە و چیا بەرزەکانی ئەو ناوە. بۆلای باکور و بەرەو دەشتایی و ڕوو لەچۆمی قازانتا و قەرەگوێز، تا بۆکان و لای مەهاباد، زۆر شوێنی قایم بۆ شەر، دەشتایی بۆ کشتوکاڵ و براو.

هەربۆیە دەبینین، لەشوێنە دەشتاییەکانی دامێنی ئەم کێوانە و لەناوچە بەراوەکان، ئاوەدانی و ئاوایی بوون. ئاساری ئەم ئاواییانە، بەشێوازی کەڵەک و بەردچن و ماڵی کۆن ماون و لەچەند شوێنی نزیک و دوور لەیەک هەڵکەوتوون. لە هەرکام لەمانەش ئاسەواری زۆر کۆنی تێدادۆزراوەتەوە، لەنزیک ئەم ئاوەدانیانەش ئاشی ئاویان بووە، باخیان بووە، کاری کشتوکاڵیان کردووە.

## دابین کردنی ئاو بۆمەبادا و بەهرەمەندبوون لەئیمکانی پێشکەوتوو

وەک زۆر شوێنی گرنگی تر لەکوردستان، بۆ دابینکردنی ئاو بۆ ڕۆژی مەبادا و پاراستنی سەرچاوە ئاویەکان. لەتورجان کاریز و ڕاکێشانی ئاوی خواردنەوە بۆ ئاوایی و قەڵا دابنی کراوە. دیارترینی کانی قۆنگرێ، ڕاکێشانی ئاوی کانی سپی لەپشت ماڵان بۆ ئاوایی، بەگونجەی قسڵ و لەژێر زەویدا، ئاوەکە ڕکێشراوە بۆ ئاوایی، بەدرێژایی یەک بۆیەک نیو کیلۆمیتر. سەرەڕای بوونی قەڵای قایم بۆ شەڕ.

یەکێک لەدیاردە گرنگ و پێشکەوتووەکان لەوسەردەم لەتورجان، بوونی حەمامی عمومی بۆ دەسەڵاتدار و خەڵکی ئاوایی، لەتەنیشت قەڵای تورجان، کە دەگوترێ عمومی خەڵک کەڵکیان لێوەرگرتووە. لە دەوری قەڵاکە بەشێوەیەکی مونەزەم و قایم خانووبەرە سازی کراوە. ئاویاری بەشێوەی جۆگە و ئەستێر بۆ کشتوکاڵ لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان کێشراوە. بونیادنانی باخی مودێڕن و پڕبەرەکەت، هەزاران داری بەری لەتەواوی ئەم باخانەدا بەدەوری هەرکام لەم ئاواییانە بوون و ئاسەواریان ماون. دارگوێز، بادام، ڕەشەهەرمێ و هەرمێ، هەڵوژە، سنجوو داری بەری هەمەجۆر.

## نیشانە مێژوویەکان

بەری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی، کە دەکەوێتە بناری بەردەڕەشان و گڵەجانەکە، لێرە چەندین قەبرستانی زۆر کۆن هەن. لە خوار ئەوەوە بەری کێلەشینی سەرو، کێلەشینی خوارو، ئەم دووشێونەش دوو قەبرستانن، ئەوانیش مێژووەکەیان کۆنتر لەچەند هەزارساڵە.

لەپشت کێوی گڵەجانەوە، لەسەر ڕێگاکەی دەڕوا بۆ لای دۆڵی ئەحمەد فەرەج و فەقێلاس و گورگە، ئاوایی و گۆڕستانی چنگاسنین، خۆی ئاوایی و قەلایەکی گەورەبووە، لەسەر گردەکەی سەرچۆمی زەیدە و دۆڵی چنگاسنین قەراری گرتووە. لەلایەکی گردی چگاسنین گۆڕێکی گەورە لەسەر ڕێگاکە هەڵکەوتووە، چەندین قەبری زۆرکۆن لەم تەپە هەڵدراونەوە، کەبەتەختەبەردی زۆر گەورە داپۆشراون و مێژوویەکی یەگجار کۆنیان هەیە. ئەمانە هەموو وەک قەبرستانی کۆن، لەسەرو خواری ئاوایی هەڵکەوتوون و کۆنی مێژووی تورجان و دەوروبەری دەسەلمێنن، لەگەڵ قەبرستانی بەری شەخسەکە، جیا لەقەبرستانی ئاواییە کۆنەکانی دەوری.

بەپێی ئەم نیشانانە، بەپێی ئاسەواری زۆر، کەلەدوورو نزیکی ئاوایی وجودی هەیە. ئاوایی و قەلاکانی دەوری تورجان، باخەکان، قەبرەکانی لەدەوری ئاواییداهەن، دەتوانم بڵێم مێژووی تورجان چەندین هەرزار ساڵ تەمەنییە.

وەک کەسە قەدیمی و بەسالاچووەکان دەیان گێڕاوە و دەیان گوت" تورجان یانی لەبنی جانەوە ژیانی تێدابووە، ناوی تورجانیش لەمەوە هاتووە". بەلام ئەمە تەنیا هەرگریمانەیە، نەک ئیسباتی. هەروەها بەپێی قسەو باسی کەسە قەدیمیەکان و ئەوەی لەباوباپیرانمان و کەسە شارەزاکانمان بیستووە، لەزۆر بواردا ئەم ناوچانە، وەک تورجان، سەمبە، ئیسکیبەغدا، کۆکە، بۆگەبەسی، بانوان، شەرەفکەند، وەک یەک کۆنن و دەسەلاتدارەکانی لەیەک نزیک بوون. بۆ ئەمەش ئەگەر لەباری قەلاو کەڵەکە بەردیەکانیش بەیەکەوە بەراوردیان دەکەی، چ وەک نزیکی دەسەلاتەکان، دۆستی و پێوەندی ئەم ناوچانە لەگەڵ یەک، تائەندازەیەک مێژووی تورجان لەگەڵ قەلای سەمبە، قەلای ئیسکیبەغدا و قەلاگەی تورجان و بانوانی ئاجیکەند یەک دەگرنەوە. بەلام من خۆم ناتوانم لەم بارەوە هیچ بڵێم، چوونکە مەعلوماتم نییە.

**شوێنەوارە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە، وەک ئاوەدانی سەردەمی خۆیان**

خودی ئاوایی تورجان، کە ئێستا ئاوەدانە و بەتورجان ناوی دەبرێ، لەخوار ئەوەوە، بەراش، دۆڵی فەقێولا، کانی کیسەلان، قەلاگا لەپەنا ئاسمان بلاخی و درۆزنە، چنگاسنین، چاڵی خۆشەڵکێشە، ئەمانە هەموو ئاوایی و ئاوەدانی بوون، دەورەکەشیان دارو باخ بووە، کە ئێستا تورجان جێگای ئەوانی گرتۆتەوە.

لەبناری کێوی ئاسمانبلاخی، دۆڵی قەلاگە، درۆزنە، یارەمیش، ئەسحابان بەرەو خوار، تاسەرباخی پەڵکان، کانی و ئاویی خۆشی هەیە، زەوی کشتوکاڵی باشی لەدەورە، لەباری سەربازی و شەڕ، ئەو سەدەم بۆ بەرگری و شەڕو ڕووبوڕووبوونەی دوژمن گرنگ بوون. قەلاگە ئاوەدانی بووە، وەک مەرکەز و شوێنی فەرماندەهی، ئێستاش ئاسەواری هەیە، کەڵکی لێ وەرگیراوە. کە مێژووەکەی هاوشانی سەمبە و ئیسکی بەغدا و کۆکە و ئەوانەیە."وەک دیاردەی گرنگ و تایبەتی دەگێڕنەوە، کاتی خۆی لە ئیسکیبەغداوە نان و خواردن ساسکراوە، لەوێوە مەجومعەنان بۆ دیوەخانی سەرۆکەکان، بۆ قەلاگەی تورجان دەستاودەست هاتووە، سارد نەبۆتە"!

**ئاسەواری ئاشە ئاوەکانی تورجان لەدەورانی موختەلیفدا**

لەو شتە کۆنانەی، کە کۆنی تورجان دەردەخا و هەرکام هی دەورەیەکی زۆرکۆنن. تورجان وەک ئاواییەکی ناوەند، بۆ جێگای گیرسانەوە و خۆ پاراستن، لەزۆر کۆنەوە کەڵکیان لەئاش و دەستاڕی گەورە وەرگرتووە بۆ هاڕینی گەنم و دانەوێڵە. لێرە هەشت بۆ نۆ ئاسەواری ئاشی ئاویی هەیە، کە ئەم ئاشانە بەئاو کاریان کردووە، بەردی دەستاڕەکانی بۆ لێکردن و هاڕینی گەنم و دانەوێڵە و کردنی بەئارد، دەگوترێ لە کێوەکانی کۆستە و دەوروبەری بۆکانەوە هاتوون. ئەم ئاشانەش هەرکام هی دەورەیەکی کۆن و لەعەیامی جیاجیا بونیادنندراون.

ئاشەکان لەم شێونانە هەڵکەوتوون. هەرکام جۆگەی گەورەی ئاویان بۆکێشراوە بۆ هەڵسوڕانی بەرداش و تاسمەو پەڕی دارەکانی، وەک بزوێنەری بەرداشەکان، کە ئەمڕۆ توربینی پێدەگوترێ بۆ هەڵسوڕانی دینەمۆ.

لەوانە، ئاشی بەراش، نێوان تورجان و قازانتا. ئاشەکانی خوار تەپی قەرەزەوی، دوو ئاشی بووە، ئێستاش ئاسەواری هەیە. ئاشی خوار هەژدە دۆڵان، لای قەبرەجوو، ئاشەکۆنەکە. ئاشی سەرڕێگای تورجان بۆ قوڕوچا و گوڵۆڵان. ئاشی باخی گاخۆر لەپەنا ئاوایی.

جێگا و شوێنی ئەم ئاشانە، بەپێی دیوارو بەردچن و ئاسەوار و کۆنیان، کۆنتر لەئاشەکانی ناوچەی سەردەرابات، خانەقا و ئاشی گولان و ئاجیکەندن و ئینگیجەن.

**باخ و دارستانی تورجان**

بێجگە لەو موچە و مەزرایانەی، کە خۆیان دارو باخی خۆیان بووە، تورجان دە تا دوازدە باخی داری بەری بووە، ئەم باخانەش لە شوێنە تایبەتیەکانی ئاواییدا بونیداننداراون و پێگەیوون.

وەک دۆڵی فەقێلاس، بەهەزاران داری بەری وەک دارگوێز، بادام، هەرمێ، کێویلە، گۆیژ، ترش، هەڵوژە، سێو، توو بەهێی بووە.

دۆڵی گورگە لەکونەماران و قولی چناران، تا هەوارە بەرزە بناری بەردەزەرد، یەکێک لەباخەکانی تورجان بوو، سەدان دارگوێز، سێو، هەرمێ، بادام، گوێژ، کێویلەی جۆراوجۆری بووە.

باخی سمایلەسوور دۆڵێکی گەورەیە، لەنێوان چەند کێودا قەراری گرتووە، وەک بەردەڕەشان، کێوی باخی سمایلەسوور، هەربەناوی باخەکەوە ناوی دێ، کاتی خۆی ڕیزەباخێکی گەورەبووە، تێستا چەند دارێکی ماوە.

داودان شوێنێکی باسەفا و کوێستان، ئەوێ لەبەر شاخاوی و چڕی ڕێگاکەی، بڕێک لەدارگوێزەکانی لەدەست بڕین دەرچوون و ماون.
دۆڵێ چەورەبیان.

قوڵی هەواران جێگای هەوارگە و حەوانەوەی ڕەوەند و کۆچەرەکانی لەدەشتاییەکانەوە هاتوون بووە. دارەکانی هەموو بڕاون و نەماون.

دۆڵی پاڵەوان، لەقوڵی زریشانەوە بۆ بناری چاڵی چەوەندەران، ئەمبەراوبەر داری جۆراوجۆری میوەی بووە، تەنیا باخی شێخ وسوو کەمێکی ماوە.

دۆڵێ چۆمی زەیدە، بەدرێژایی چەندین کیلۆ میتر، چۆمێکی درێژ ئەمبەراوبەر داری بەری و جۆرەها داری تری بووە. لەخوار فەقێلاس و کونەمارێ، تا بەراش پشت قازانتا، هەزاران جۆر داری بەری، چنار، جۆرەها داری بی، سنجوو، ڕەشە هەرمێ، بادام، سێو، قەیسی، جۆرەها کێویلە و هتدەە.... هیچی نەماوە.

باخی پەڵکان، لای چاڵی خۆشەڵکێشە، کاتی خۆی ئاوەدانی بووە، زۆر کەمی ماوە، ماباقی بڕدراو تیاچوو.

باخی گاخۆر لەپەنا ئاوایی، باخێکی گەورە و دارستان بووە، ئاشی لەپەناوەبووە، ئەم چۆمە لەمێرگی قەڵەمانەوە لەپشت ئاوایی تا خوار سولاوکان، دارو باخ بووە، نەماوە.

باخی زەلکە، ئەویش لەژێر ئاسمان بلاخی و لای یارەمیشەوە هەڵکەوتووە، هیچ نەماوە.
ئەوەی ماوە، وەک باخ لەتورجان، دوو باخێ دار قەیسین لەپشت مالان و بەرمالان هەن، کە لەدەست خودی ئاغاکادا ماوە.

**شاخ و کێوەکانی تورجان**

لەباری جوغرافیایی و هەڵکەوتەی ناوچەیش، تورجان شوێنێکی تایبەتی بووە، وەک شوێنی سەربازی و حەوانەوە. لەهەموو شاخ و دۆڵەکانی ئەم ناوچەیەدا، دەیان کانی گەورە و چکۆلە، ئاوای سارد لەتەواوی شاخ و دۆڵەکان لەدەورتادەوری ئاوایی وجودی هەیە. زەوی کشتوکاڵی. گیاجاڕ، چاڵەبەفر بۆ پاشەکەوتی بەفر بۆ هاوینان، کەتا ئەمسالانەی دوایی، ئەم چاڵەبەفرەبوو، کاک عەبدولا، ناسراو بەعەبەخێل بەڕێوەی دەبرد و بەفرەکەی هاوینان دەفرۆشت. ئەوەش بەهۆی کوێستانی چڕ لەچواردەوری ئاوایی، کەپشتی بەچیاکانی پشت سەقزەوەداوە، وەک کێوی وەنەوشە، ئالمەلو، کێوەکانی پشت کۆندەلان و مەرخوز و یازیبلاخی و هەرمێلە....هتدە.

کێوەکانی دەوری تورجان، لەنێوان تورجان و سەقز، تورجان و بۆکان، تورجان و مەرخوز، هەرمێلە و کانی زێڕینە، جەمیان و شیلاناوی، کۆندەلان، بۆبۆکتان، تایەربۆغە، ئینچکە و باخی شێخان، تورجان لەئەڵقەی ئەم کێوانەدا قەراری گرتووە.

ناوی کێوو شاخەکان. کێوی وەستامستەفا. ئاسمان بلاخی، بەری گوێزان، کە کانیەکی خۆشی هەیە، پێیدەگوتری کانی ئەبوو سەمەد، "ئەبوسەمەدیش خۆی حەکایەتێکی خۆش و ناخۆشی هەیە". داودان، مزگەتی ڕێویان، لەباشووری ئاوایی. باخی سمایلەسوور، قوڵی بەردەسپیان، بەردەڕشی چەورەبیان، بەردەزەردی نێوان تورجان و تایەربۆغە، قەرەوڵ لەپشت ئاوایی، بەردەڕشان ڕووبەڕووی ئاوایی،

گاڕانەسوتاو، قوڵیهەواران، چاڵی چەوەندەران لە پاڵەوان بۆ لای ئینچەکە و باخی شێخان و بۆبۆکتان. باوکوری ئاوایش بەرەو بۆکان، گەورکی مەهاباد و گەورکی سەردەشتە، کە کێوەکانی حاجێ کیمی و قلیسبابای لێوە دیارە.

## کشتوکاڵی تورجان

لەباری کشتوکاڵ و زەوی و زارەوە، تورجان دەوڵەمەندە. دەورتادەوری ئاوایی زەوی بەراو، دەشتایی، زەوی شەشدانگ، کەلەخاکی سوور و ڕەش پێکدێ، بۆ بەرهەم هاتنی گەنم و ئەنواعی دانەوێڵە و باخات بەکەڵدێن.

## ئاژەڵداری لە تورجان

تورجان لەو ئاواییانەبوو، دایم هەزاران سەر مەڕو گاڕانی تێدابووە. جیالەوەی زۆری خەڵک شوانی ماڵی خۆی بوو، دەوڵەمەند و ئاغاکان شوانی مەڕو گاڕانی خۆیان بوو. چوار شوانی تایبەتی بوون بۆ شوانی مەڕی، بۆ گەڕەکی سەرو وخوارو، کە دوو مێگەڵە مەڕی جیابوون هی خەڵکی ئاوایی بوون. هەوەها چوار شوانەگاڕانی بوو بۆ عموومی ئاوایی و ڕەشاییەکانی ئاوایی، کەڕەشەوڵاخی خەڵکیان بەخێودەکرد.

## سەنعەتەکانی تورجان

لە تورجانیش وەک زۆر شار و ئاوایی گەورە و بچوک لەکوردستان، بۆ دابنکرنی پێداویستیەکانیان، سەنعەتکار و وەستای خۆی بووە. جۆلا بۆ درووست کردنی جاجم، بەڕماڵ، بوزو شتی ئەو سەردەم. نەجار بۆ درووست کردنی هەموو ئامرازێک، وەک دەرگاو پەنجەرە، نیرو ئامور، دۆلی ئاو بۆ ڕاکیشانی ئاوی ئاش. درووستکردنی پەڕەی توربین بۆ پڕژانی ئاو، کە بەرداشی ئاشی هەڵسوڕاندووە. تەون کردن بۆ درووست کردنی بەڕە، جەواڵ، تێڕو تووبەرە، توربێن، خورجین. وەستای لەباد و کەپەنک و پەستەک و ژێرڕاخەر. کوڵی بووزو. وەستای خەیاتی. لێفەدروو، بەنا. پینەچی کەوش. وەستای حەسیرو سەوەتە وسەلە و قەرتاڵە. وەستای لەحیم و گاوکردنی شوشەو ژێرپیاڵە، قۆری چینی، گوزو شتی بەنرخ، کەدەشکان، تائەم دواییانەش مەحمودی نەشێ وەسات بوو چاکی دەکردنەوە.

## کانزای ژێر زەمینی لە تورجان.

تا ئەوجێگایەیی دیارە و دەرکەوتووە، تورجان چەند کێوی کانزایی هەیە، وەک بەردەکلچێوکان، ئاسمان بلاخێ، بەردی ئەم دوو کێوە زۆر گرنگن، بەردەکانی بۆ دەڵقی نەسووز و ئاسن و پۆڵا دەبن.

## تورجان وەک مەرکەزی خوێندەواری زەمانی خۆی

تورجان بەهۆی مەرکەزی بارهێنان و فیرکردن و خوێندن، دایم پێش قەرەوڵی زانین بووە. هەرچەند لەودەورانەدا، کە خوێندن لاوازبووە، ئەویش بەهۆی شەڕو کۆچکردن، فەقیری، داگیرکاری و سوتانی

ئاوەدانی. بەڵام تورجان یەکێک لەو مەرکەزانەبووە، تا ئەو جێگایەیی ڕووخساوە، لەبواری خوێندەن و خوێندەواری، هونەر، گۆرانیبێژ، بەیتبێژ، ئاشنای لەگەڵ کتێب و قەڵەم، مێژووی خۆی هەیە. ئەمەش زۆر لەپێش مێژووی زاینی و ئیسلامەوە، تەنانەت پێش لەزەردەشتیەکان و مۆخەکانیش بووە، بەپێی جۆری ژیان و کەڵک وەرگرتن لەهونەری سەردەمی خۆیان، لەوانە درووست کردنی ئاشی ئاو، باخ، زەرف و زرووفی ناوماڵ. دوایش یەهوودەیەکان لێرە حاکم بوون و پەرەیان بەمەدواە، بۆیە تورجان مەرکەزی خوێندەواری بووە. بەم پێیە خوێندن لەتورجان زۆر لەپێش بۆگەبەسی، حەمامیان، بورهان، خانەقا، بۆکان، تەنانەت شارەکانی نزیکیش بووە.

## مەزگەت و حوجرەکانی تورجان

تورجان پێش لەئیسلام، لەدەست یەهودی و زەردەشتیەکاندابووە، خوێندەواری و فیربوون ئەوان ئیدارەیان کردووە. دوای داگیرکاری ئێران لەلایەن عەرەبەکان، هەموو شت وێران بوو، لەوانە خوێندن و فێربوون گۆردرا و لەسەر ڕەوتی زانستی و عیلمی خۆی لاچوو، چووە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە. ئیدی بەجێگای مەرکەزە غەیرە مەسوڵمانیەکان، حوجرە جێگای ئەوانەی گرتەوە.

لەو سەردەمەوە تورجان دوو مزگەوتی لێیە، ئێستاش هەرماون. مزگەتێکیان شێخ وسوو دروستی کردووە، بەمزگەوتی خوارێ ناوی دەبەن. مزگەوتی جامیعە نورونیسا دروستی کردووە، بەمزگەوتی سەرێ، یان جامیعە ناوی دەبەن.

## دانیشتوانی تورجان

دانێشتوانی تورجان تا ئەوجێگایەیی لەسەرژمێری دەوڵەتیدا دیاربووە، یەک جۆر نەبووە. نەفوسی دانیشتوانی لە دوو هەزار، هەزار پێنسەد، تا هەزار بووە، یان کەمتریش بووە. وەک سەردەمی ئێستا لەبەر نەبوونی کار، ژیانی خراب، شەڕو کوشتار، بێ مەبالاتی دەسەڵاتداران و دزینی بوجەو خەریەکانی بۆی تەرخان کراون. نەبوونی قوتابخانە، بەم هۆیەوە دانیشتوانی تورجان کۆچ دەکەنە شارکانی بۆکان و سەقز و لەوێ دەڕۆن.

## هێرشی بێگانە بۆسەر تورجان و کوژرانی بەکۆمەڵی دانیشتوانی

تورجان زۆرجار بەرهیرش و پەلاماری لەشکری بێگانە کەوتووە. دوان لەو هێرشانە لەشکری مەغوڵ کردوویە، کە لەیەک شەودا چەند سەد کەسی کوژراوە، چونکە دژی داگیرکەر شەڕیان کردووە.

یەکیان لەناو خودی ئاوایی بووە، کە لەشکری مەغولەکان هاتوونە ئاوایی، بەفێڵ خەڵك کۆدەکەنەوە و قەولیان پێدەدەن کەس نەکوژن. بەڵام کەخەڵک کۆدەبنەوە و هەمووش بێ چەک و بێدیفاع دەبن، مەغولوکان دەکەونە کوشتارو قەتڵوعامی خەڵک، دەگوترێ، نزیکەی چوارسەد بۆ پێنسەد کەس زیاتر دەکوژن.

شەڕێکی تریان لەدۆڵی پاڵەوان، ڕووبەڕووی ماڵان بووە. ئەویش هەرلەنێوان مەغولەکان و خەڵک ڕوو دەدا. لەم شەڕەدا لەدژی مەغولەکان، کە خەڵک دژیان ڕادەپەڕن، چەند برا وەک پاڵەوان و

کەسانی ئازا، وەک فەرماندەی خەڵک، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ لەشکرێکی زۆری مەغولەکان شەردەکەن، دوای شەڕو ئازایەتیەکی بێوێنە، ئەم چەند برایە لەگەڵ پۆلێک لەخەڵکی تورجان لەپاڵەوان بەدەستی مەغولەکان دەکوژرێن، گۆیا بەم هۆیەوە دۆڵی پاڵەوان ئەم ناوەی لێنندراوە و پێدەگوترێ پاڵەوان.

## تورجان لەدەورانی باوکی قۆچ بەگ و قۆچبەگ و نورونیسادا

وەک گوترا، لەزووەوە تورجان مەرکەزی خوێندەواری بووە. بەڵام ئیدامەی ئەم کارە بۆ خوێندەواربوونی خەڵکی سادە و بەهرەمەندبوونی خەڵک لەفێربوون و بوون بەخوێندەوار، لەساڵەکانی 1250 شەمسی بەملاوە، تورجان لەباری خوێندن و پەروەردە، لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی قۆچبەگ و ئەواندا، تا ئەندازەیەک گەشەدەکا. خوێندن لەناو چینی خوارەوەی خەڵک، وەک چینی ڕعێت و خەڵکی پەلەنزم و دەرەجە سێ و خوارتر پەرەدەستێنی و خەڵک خوێندەواردەبن.

بۆ هاندان و بردنەپێشی ئەم سیستمە گرنگ و پێشکەوتووانە، ژنی وەک نورونیسا ڕەهبەر و پێشەنگی هاندانی خوێندن و هێنانی مامۆستا وزانا بۆ پەروەردەی خەڵک بووە. نورونیسا وەک ساحەب دەسەڵات. وەک ڕەهبەری ناوچەکە، کە هەشت تا نۆ ئاوایی لەژێر دەستیاندابووە، هەوڵی داوە جیاوازی خوێندن لەنێوان چینی دەسەڵاتدار و خوارەوە کەم کاتەوە و خەڵکی ئاسایی لەفێربوون و خوێندن بەهرەمەندبن.

بەپێی بەڵگەمێژوویەکان و قسەی زۆر کەس، لەوانە"شێرکوتورجانی، کە دەگەترێ لەم بوارەدا کاری کردووە لەسەر مێژووی تورجان"، نورونیسا پۆل و زێڕی مارەیی و بوکێنی خۆی بۆ بونیادنان و دروست کردنی قوتابخانە و حوجرەی خەرج کردووە. قۆچبەگ وەک هاوسەری دەسەڵاتداری نورونیسا خانم، بۆ ئەوە کاری خوێندن و خوێندەواری باش بێت، زانای وەک مەلاعەلی قزڵجی، لەخوێندنگەی مەهابادەوە هێناوە بۆ بەڕێوەبردنی کاری فێربوون و خوێندن، کەیەکێک لە گەورەترین خوێندەوار و زانای ئەودەورانە بووە، کراوەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی داروالتعلیمی تورجان.

لەو سەردەمدا، کە ئاوایی تورجان نیوەی دانیشتوانی جولەکەبوون، جولەکە و مسوڵمان بەیەکەوە ژیاون. ئەم دوو ئاینە تا مردنی مەلاعەلی قزڵجی، ئاشتی و بەیەکەوە ژیان لەنێوانیان بەرقەراربوو. ئەم دوو ئاینە، وەک مسوڵمان و جولەکە، هەرکەس شوێنی عیبادەت و کۆبوونەوەی خۆی بووە. مسوڵمان و جوەکان هاتوچۆیان گەرم بووە، کاریان بەیەکەوەکردووە. بەڵام وەک دوو ئاین و لەسەر شێوازی ئاینەکەی خۆیان، کانی جولەکە و مسوڵمانەکان لەیەک جیابوون. کانی جولەکان لەباخی خوارئاوایی، ئێستاش هەرماوە بەناوی کانی جولەکان.

بەڕێوەبەری کاری خوێندەواری لەتورجان، لەلایەن مەلاعەلی قزڵجی، بەیارمەتی قۆچ بەگ و هاسەری قۆچبەگ بەناوی نورونیسا، کەلەکچە بەگزادەکانی ئیسکیبەغدابووە، لەسەردەمی ئەواندا تورجان دەچێتە لووتەکەی مەرکەزی زانستی، کەتەواوی خوێندواری ناوچەی موکریان، تا مەهاباد و سەردەشت و بانە، بۆکان، سەقز و زۆر شوێنی تری کوردستان، لێرە خوێندوویانە.

دەگوترێ، باوک و باوەگەورەی قۆج بەگ، لەنەوەکانی بوداق سوڵتانن؟ بەپێی نووسراوەیەکی کورت، کەبەدەستەوەیە، ئەمە ناوی بنە و بنەچەکەیانە.

بوداق سوڵتان، عەبدوڵا بەگ، فەتحعەلی بەگ، محەمەد تاهربەگ، ئەحمەد بەگ، قۆجبەگ. ئەوانیش قەڵای ناو ئاوایی تورجانیان بونیادناوە، کە ئێستا پێدەکوترێ قەڵاکۆنەکە. هەروەها دروست کردنی قوتابخانە، حوجرە، مزگەوت، حەمامی عمومی، بۆخەڵکی ناو قەڵا و عمومی خەڵکی ئاوایی کەڵکیان لێ وەرکرتووە.

زۆری ئەم پێش چوون و گەشە کۆمەڵایەتییە، لەسەردەمی قۆجبەگ و نورونیسا و مەلاعەلی قزڵجی دەڕواتەپێش، کەتەوای ناودارانی ناوچەکە، زۆر کەسایەتی کوردستان، لەتورجان فیرِی خوێندن دەبن. هەروەها هەموو ئاغا و مەلا و کەسە خوێندەوارەکانی مکریان و مەهاباد، بەشێک لە کوردستان لە تورجان چوونە بەرخوێندن و مەلاعەلی مامۆستایان بووە.

لەم دەورانەدا هەرچەندە ئیسلام دەسەڵاتی بوو، بەڵام تەعەسوبی ئاین نەیتوانیەوە زاڵ بێ بەسەر خۆێندن. بەتایبەت لەبواری مێژوو، ئەدەب، گۆارنی و لکتوری کوردی. بەڵام ئەمە لەدەورانی شێخەکانی تورجان و زەمبیلدا، لەناوچوو و چووە بواری دەرویش و سۆفی گەری و خانەقانشینی و دەفەو زکر جێگای گرتنەوە.

هەربۆیە دوای قۆجبەگ و مردنی مەلاعەلی قزڵجی، ئەو شتانە زۆر بەخێرایی کزبوون. لەوانە خوێندنی خەڵکی سادە وەک پێشر نامێنێ. هەروەها کە لەدەورانی قۆجبەگ و نورونیسادا، لە تورجان و ئاواییەکانی ژێر دەسەڵاتیان، ئەوان وەک دەسەڵاتدار ژنانیان لەبێگاری و کاری زۆرەملێ و کاری ماڵی ئاغا معاف کردبوو، تەنیا بێگاری بەپیاوان دەکرا. بەڵام بەهاتنی شێخەکان بێگاری بەژن و کۆیلەکردنی ژن لەلایەن شێخەکانەوە، بۆ بێگاری و خزمەتکاری دیوانی ئاغا، دەست پێدەکاتەوە.

**تورجان لەبارەی هەنەرو کلتوورەوە.**

تورجان بەهۆی خوێندەواری برێک لەدانیشتوانی، کلتوور پێشکەوتوویی لەناو خەڵکدا، لەچاو ئاواییە بچوک و کەم جەمعیەتەکان، تاحەدێک لەپێش بوو. ئەمەش وایکردبوو، کە دانیشتوانی تورجان هەمیشە لەخەڵکی ئاواییەکانی تر پۆشتەتر، کراوەتر، قسەزانتر، خوێندەوارتربوون.

تورجان زۆر گۆرانی بێژی دەنگ خۆشی بووە. ئەوندەی من بزانم و لەبیرمە، سەید حەمەساڵە، کوێخاعەلی، حەسەن نازدار، برایم فەتاحی هونەرمەندی بەناوبانگ، عەبە دەڕژێ، سەید مەحەمەد شێخ ڕەحیم، محەمەد فەتاحی، عەزیزی ڕەحمانی ساڵەڕۆحێ، کەریم بارام و زۆر کەسی دەنگ خۆشی تر، کەمن ناویانم لەبیرنییە. شمشاڵ ژەنی وەک مام فەتوحوڵا بەهرامی"خاڵەمامە"، عەلی بەهرامی وەک بەیت بێژ.

## ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە تورجان

ئەگەر قۆجبەگ و نورونیسا دەمر، ئەوان بەهۆی مردنی کوڕەکانیان لەپێش خۆیاندا، ئیدی کەسیان نەما میراتگریان بێت. لەگەڵ ئەوان مەلاعەلی قزڵجیشی دەمرێ. ئەمانە قەبرەکانیان هەموو لەتەنیشت یەکن، کێلی تایبەت و نووسراوەیان لەسەرداندراوە، کەلەبەردی کێلەکان هەڵکەندراون و نووسراون. لەسەر قەبرەکەی مەلاعەلی، کڵاوێکی خڕی بەردینەبوو، ڕەنگی بەردەکە سپی بوو، زۆر تایبەتی و نایاب گەڵاڵە کرابوو. ئەم کڵاوە بەردینەیە لەکوردستانی ئێراقەوە بەدیاری بۆ سەر قەبرەکەی مەلاعەلیان هێنابوو. بەڵام دوای ڕاپەڕینی 1357 ئەم کڵاوە بەردینەیە دزراو گوم بوو.

دوای مەرگی مەلاعەلی قزڵجی، نەوەکانی مەلاعەلی کەمکەم روویان کردە بۆکان. هۆکەی ئەوە بوو، کە بەدوای مردنی چوارکوڕی قۆجبەگ، ئیدی قۆجبەگ کەسی نەما میراتگربێ، ئەوانیش لەتورجان و لەفەزای خانەقایدا نەدەحەوانەوە.

دوای فەتی قۆجبەگ و نورونیسا، ماوەی چەندین ساڵ تورجان لەدەست چەند بەگ و ئاغای تردادەبێ. وەک بنەماڵەی سەعیدبەگ، ساڵەبەگ، باوکی حەمەحوسێنخان وەک نزیکی ئاغاکانی تەموتە. دوای ماوەیەک و لە سەرەتای 1300دی شەمسیدا، شێخەکانی زەمبیل ئەو ئاواییانە دەکرن و دەبنە دەسەڵاتی ئێرە. ئەو  ئاواییانەش، وەک تورجان، زەمبیل، جەمیان، سەیداوا، قاقڵاوا، شیلاناوین.

## کەسانی هەڵکەوتوو لەتورجان

تورجان بەهۆی گرنگی و ئاوەدانی، وەک نیمچە شارێکی سەردەمی خۆی گەورە بوو، کەسانی گەورەشی تێدا پەروەردەبوون. چ وەک دەسەڵاتدار، چ وەک خوێندەوار، نووسەر و هونەرمەند، مەلاو کەسانی زانا. کە زۆریان لەمانە، بەش بەحاڵی خۆیان و شەرایتی سەردەم، زۆر تەئسیرگوزار و گەورەبوون. هەرکام لەزەمینەی باوەڕو دەسەڵاتداری خۆیدا، یان بەپێی بەرژەوەندی بنەماڵەیی، کەسانی گەورەیان تێداهەڵکەوتووە.

لەپێش بنەماڵە و نەوەکانی بوداق سوڵتان، یانی قۆجبەگ و باوکو باوەگەورەی، جولەکەکان زۆرتر لەتورجان دەسەڵاتیان بووە. ئەوانیش کاری پیشەوەری و سەنعەت گەری، لەگەڵ کشتوکاڵ و باخداریان بەڕێوەبردووە. دوای ئەوان قۆجبەگ و هاوسەری نورونیسا وەک دەسەڵاتداری باش و لایەنگری زانست و خوێندن لێرەبوون.

لەسەردەمی ئەواندا، مەلاعەلی قزڵجی، وەک عالم و خوێندەواری ناوداری کوردستان دەبێتە بەرپرسی فێربوون و خوێندن لە تورجان. هەموو شارەزاو مێژووناسانی مکوریان و کوردستان ئەوە دەزانن، کە مەلاعەلی قزڵجی و کوڕ و نەوەکانی ئەو، چ لەناوچەی مکوریان، سابڵاخ، تەورێز، شارەکانی تری کوردستان و ئێران، بوونە نموونەی بنەماڵەیەکی ناوداری ڕەوشەنبیر و عالم، لە زانستگاو زانکۆ و قوتابخانەکانی کوردستان و ئێران. هەروهاش وەک سیاسی کارو نەیاری دەسەڵاتی ڕەزاشا و محەمەد ڕەزاشا دەرکەوتن.

زۆری ئەوان لەترسی کوشتن و گیران، لەئێران هەڵاتن چوونە بەغدا، لەوێش بوونە مامۆستای زانکۆ. هەروەها چەند کەسیان هەڵاتنە سوریە و بوونە مامۆستای زانکۆ.

لە بنەماڵەی قزڵجیدا، چ کوڕەزاو نەوەکانی ئەوان، چ خەشکەزا و کچەزاونەوەکانی ئەوان، ئەمانە وەک کەسانی سیاسی، نووسەر، مامۆستای زانکۆ، ئیمام جومعە، ڕۆمان نووس، دوکتور، سیاسی کار و کەسانی ناوداریان لێهەڵکەوتووە.

چەندانە لەوانە. مەلاحەسەن لەمەهاباد، زۆریان لەئەوەڵ مامۆستایانی قوتابخانەکانی بۆکان بوون، لەسەردەمی سەردارەکانی بۆکان و مکوریاندا. ئەحمەد تورجانیزادە، محەمەد تورجانیزادە لەزانکۆکانی تەرێز. نەوەکانی لەبەغدا و سوریە. حەسەن قزڵجی سیاسی کار، ڕۆژنامەنووس لەڕۆژنامەی کوردستان، لەسەردەمی کۆماری مەهاباد نووسەر و ناوداری ئەو سەردەم بوو. ئەو وەک ڕۆمان نووس و ڕوناکبیر، لەئێران قاچاخ بوو، هاوسەرو کەسی خۆی نەدیەوە!! دوای ئەم کوێرەوەریانە، بەداخەوە ئێستا شوێنی گۆڕەکەی نازانین لەکوێ نێژراوە.

دوای ئەم هەموو کێشە و کوێرەوەریانە، ئێستاش نەوەکانی ئەم بنەماڵەیە ئەو شکۆمەندیەیان ڕاگرتووە، کە باوەگەورەیان، مەلاعەلی قزڵجی وەک میراتی زانست و فێربوون بۆی بەجێهێشتوون. نەوەکانی ئەو، هەر وەک باوەگەورەی زاناو عالمیان، وەک دامەزرێنەر و خاوەن ڕەوشت و مۆڕاڵ، تەسلیمی خەیانت، دزی، درۆزنی دەرهەق بەنەتەوەکەی خۆیان نەبوون.

لەدوای بەگەکانی تورجان، زۆر کەسی ناوداربوون، هەرکام بەجۆرێک لەجۆرەکان. دیارترینیان حاجی بابەشێخ وەک گەورەی تورجان، وەک دەسەڵاتی ئاین و شێخایەتی ناودارترینیان بوو. کەسانی تر لەتورجان لەدەورانی شۆڕشی 1324لە مەهاباد کاری پێشمەرگانەیان کردووە. وەک سەید فەتاح، حاجی میزاعەزیز، عەبدوڵای حاجی حەمەمراد، ساڵحەڕەش، ساڵحی خەیات و زۆر کەسی تر، بەڵام ناویان نییە، یان زۆر کەم باس دەکرێن.

**حاجی بابەشێخ و پلەوپاییەی سیاسی و دەسەڵاتی**

لەسەردەمی 1300 شەمسیەوە، دواین دەسەڵات لەتورجان تا کۆتایی سیستمی ئەربابووڕعێتی، حاجی بابەشێخ و کورەکانی لەتورجان حکومیان کردووە. سەیدعەزیز کوڕە گەورەی حاجیبابەشێخ دوای باوکی ناوداری تورجان بوو. حاجی بابەشێخ خۆی، لەسەردەمی لاویدا، بۆ فێربوونی خوێندن و خوێندەواری، لەلای کوڕەکانی مەلاعەلی قزڵجی خوێندوویە و قوتابی ئەوان بووە.

ئەو بەحکومی ئاغا و شێخ بوون و بوونی خانەقای زەمبیل، وەک کەسێکی ئاینی لەوسەردەمدا، بەپێی شەرایتی سەردەم و سیستمی حکومڕانی لەوڵات، وەک دەست ڕۆیشتووش، وەک شێخ و ناوداری ئاینی مکوریان، لەگەڵ ئاغاکانی مکوریان، بەتایبەت بنەماڵەی موهتەدی و ئێلخانیزادە، وەک سەرۆک خێڵ و عەشیرە، لەدامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری مەهاباددا بوون و ئەوەڵ دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و کۆماری مەهابادبوون. لەم هەڵبژاردن و کارە ئیداریەشدا، حاجی بابەشێخ وەک سەرۆکی مەجلیسی کۆمار هەڵبژێردرا و چەندجار سەفەری شورەوی و تارانی کردووە

و تەرەفی گفتوگۆکانی نێوان دەوڵەتی ناوەند و کوردستان بوو. حاجی بابەشێخ لەلایەن ڕەزاشاوە خەڵاتکراوە، گۆچانی تایبەتی  وەک خەڵات وەرگرتووە.

## تورجانی سەردەمی شێخەکان

وەک لەسەرەوە ئیشارەی پێکرا، تورجان دوای قۆج بەگ، ماوەیەک لەدەست چەند بەگی تورجان بوو، بەناوی سەعیدبەگ، ساڵەبەگ، لەگەڵ بەشێک لەخزم و کەسی ئاغاکای تەموتە. بەڵام ئەوان بەهۆی ناتەبایی و نەزانی، نەیان توانی تورجان ئیدارەبکەن.

شێخەکانی زەمبیل، کە وەک تەریقەتی نەقشبەندی، لەلای وڵاتی سوریە و ئەو ناوەوە، هاتنە هەورامان و لێرەوە دابەش بوونە ناوچەکانی کوردستان و گیرسانەوە. ئەوان بەهۆی ئاینی شێخایەتی و دەسەڵاتی دینی، لەدەورانی قاجار و دوای ئەوان، تورجان، زەمبیل، جەمیان، شیلاناوی، سەیداوا، قاقڵاو لە بەگ و ئاغا کەم نفوزەکانی دوای قۆجبەگ، کەبوونە ساحەبی تورجان دەکرن و دەبنە جێنیشنی ئەوان. ئیدی زۆر خێرا بەگەکانی تورجان لەدەسەڵات لادەبەن. خزمی ئاغاکانی تەموتە، لە تورجان دەردەکەن و خۆیان دەبنە ساحەبی تورجان.

بەهاتنی شێخ عەبدولکەریم و هاتنەزەبیل و دامەزران لێرە، وەک ساحەب خانەقا و شێخ، ئیدی زۆرزووش بوونە ساحەبی تورجان، کە حاجی بابەشێخ دوای خوێندن لەلای قزڵجیەکان، بووە گەورەی تورجان و بوو بەمورشیدی حوجرە و داروالتعیلمی تورجان. لەوە بەولاوە تورجان چووە ژێر ڕکێفی سوونەتی شێخەوە، بەمەش تورجان بووە ئاواییەکی سۆفی نشین و زۆر بەرەو دواوە گەڕاوە.

بەهاتنی شێخەکان و دامەزرانی دەسەڵاتیان، ئیدی فەزای تورجان لەهەموو بوارێکەوە دەگورێ. تورجان بەروە دوواوە دەرگەرێتەوە. قوتابخانە و حوجرەکانی تورجان ئیدی شێخەکان بەپێی سوونەت و شێوەی خۆیان ئیدارەیان دەکرد. پێش ئەوان شایی و زەماوەند و هاتووچۆی ژنان ئاسایی و ئازادبوو. بەڵام بەهاتنی شێخەکان و بوونە دەسەڵاتدار، ئیدی کە ئەوان وەک شێخ، کەبەکۆڵان و گەرەکی ئاواییدا دەرۆیشتن، یەک ژن بۆی نەبوو لەدرەکەو کۆڵانی ئاوایی بێت. هەروەها ئەمە بۆ ژن و کچی شێخەکانیش ئاوابوو! کە هەرکات ژن و کچی شێخەکان دەهاتنە دەرێ، نەدەبوو یەک پیاوی ئاوایی لەدەرێ بێت و ئەوان ببینێ؟؟!! ئەوان وەک دەسەڵات ئەوەی خۆیان پێیان باش بوو، لەبەرژەوەندی خۆیان بوو، دەبوو خوێندن و بارهێنان و ژیانی خەڵک ئاوا بڕواتەپێش. لەژێر ئەم فەزایەدا خەڵک لەفێربوون و زانست دوورکەتنەوە. لەبەر ئەوە، ئەوان وەک دەسەڵاتدار؟! وەک شێخ و ئیماندار، کەفکرەیەکی زاڵ و بڤەبوو، بەمەش حکومیان دەکرد، ئەوان بەخەڵکیان دەگوت، "دەبێ منداڵەتان  بۆ مەلایی و فەقێی بخوێنن، نەک بۆدەرسی شەیتانی" ئەمەش تا مەودایەکی زۆر کاری کردە سەر زێهنی خەڵک.

## ئیسڵاحاتی ئەرزی و مردنی باخ و سروشتی تورجان

بەهاتنە گۆڕی ناوی ئیسلاحاتی ئەرزی لە ئێران، ئەویش لەڕووکەشدا زەوی لەئاغاکان سێندرا و بەشێکی دەوڵەت لێی کڕین و دران بەخەڵک بەئیجارە؟؟!! لەم تەقسیمە ئەرزییەدا وەک هەموو کوردستان زەوی و زاری تورجان دابەشکرا بەسەر چل بۆ چلویەکماڵی ئاوایی و ناویان لێنندرا

جووتبەندە؟؟ ئەم دابەشکردنی زەویەش، پێدانی زەوی بەخەڵک بەبێ موقابیل و خۆڕایی نەبوو؟؟! بەڵکوو دانی زەوی و تەقسیمی زەوی بەجووتیاران، وەک ئیجارەدار و ئیجارەداری بوو، لەنێوان ئاغاو ڕعێتا، نەک ببێتە هی خۆیان! سەرەڕای ئەمەش، کەبەناو ئیسلاحاتی ئەرزی کرابوو، بەناو خەڵک ببوونە ساحەب عەرزی؟! بولام تا ساڵانێکی زۆر، هەرئاغاکان بوون حکومیان بوو، بەمەیلی خۆیان دارو باخی خەڵکیان دەبڕی، لێیان داگیردەکردن.

لەم تەقسیماتە ئەرزیەدا، کە ساڵی 1341 و دواتر ڕوویدا و دەستی پێکرد، بەچلویەک ماڵی تورجان زەوی درا و ئەوان بوونە جووت بەندە. کەخەڵک بوونە جووت بەندە، ئەوان دەبوو تا 25 ساڵ ئەوەی زەوی بەرکەوتووە، بەپێی زەویی و کەمووزۆری زەویەکان، ئیجارە بەئاغاکان بدەن.

لەگەڵ ئیسلاحی ئەرزی، ئەوەی زەمینی باش، دەشتایی، نزیک ماڵان، زۆرترین زەوی شەشدانگ و بەبەرەکەت لەدەست ئاغاکاندایە و بۆخۆیان هەڵگرت، زەویە کەم دەرامەت و لێژەکان، کەناوی کەس نەکێڵ و دێمەکارن دراوەنە جووتیاران.

هەرکە ناوی ئیسلاحاتی ئەرزی هاتەپێش و دەبوو خەڵک ببنەساحەب ملک. بۆ ئەوە هیچ باخ و دارێک بەر خەڵک نەکەوێ و جووتیارەکان نەبنە ساحەبی هێچ لەم باخ و دارانە. ئاغاکانی تورجانیش وەک ئاغاکانی تری کوردستان، تەواوی باخ و داری تورجانیان بەری!! ئەو دە دوازدە باخە عەزیم و گەورەی لەتوورجان بوو، مێژووی چەند هەزارساڵەی بوو، وەک سەرتاشیان. هەرچی باخی دارمیوە بوو، بەهەزاران دار گوێز، هەرمێ، قەیسی، بادام، سێو، هەڵوژە، ئالابغوارە، توو، بەلالوک، جۆرەها داری بەریان بڕی وبە نەجاڕو شیرکەتەتورکەکانی تەورێزو مەراغەیان فرۆشت.

لەم ئیقدامە ناشیرین و دژی سروشتی و بەرچاوتەنگیەدا، ئاغاکانی تورجان کەوتنە وێرانکردنی تورجان و بنەبڕکردنی داروباخی تورجان و هەرهەموو باخەکانی تورجانیان بڕی و نابوودیان کردن.

باخە ڕازاوەکانی پاڵەوان، قوڵی هەواران، باخێ گورگە، باخی فەقێلاس، چەورەبیان، دۆڵی فەقێولا، باخی زەلکە، پەڵکان، باخی گاخۆر، چۆمی زەیدە سەرتاخوار هەمووی بڕاو لەناوچوو. لەم قەتلوعامەی لەباخ و دارستانی تورجان کراو وێرانیان کرد، زۆری کۆلکەگوێزەکان کەقورس بوون و کەس نەیتوانی لەتیان بکا، تاساڵی 1359، هەرمابوون و نەشکابوون، کۆتەرەکانیان لەباخی گورگە و فەقێلاس مابوون و ئاسەواریان دیاربوو.

**ناوی ڕاستی تورجان لەزمان زۆرکەس و هەمبانەبۆرینەکاندا**

ناوی تورجان چییە و لەچییەوە هاتووە، لەزمانی زرۆ کەس، لەوانە شێرکۆ تورجانی، قادر تورجانی، کە ئەوانیش لەهەمبانەبۆرینەی فارسی وەریان گرتووە، ئاوایە.
ناوی تورجان بەمانەی ناوی یەکێک لەکوڕانی مەغولەکانە. بەمانای شوانە. بەمانای شوێن و جێگایە. بەمانای پاڵەوان، ئازا، یان جێگای پاڵەوانەکان. بەمانای ڕووەک، بەمانای وەحشی، بەمانای گورگ، یان بزنەکێوی، نوورەکان، نوورانیان. نور.
یان ناوی شێت، نافەرمان. بە جێگای کەسانی یاخی و نافەرمانیش ناوی هاتووە.

**باری ئیداری تورجان لەکۆن و ئێستادا**

دەورانی کۆن تورجان لەباری ئیداریەوە، سەر بەسابڵاخ بوو. بەڵام دوای هاتنەسەرکاری پەهلەوی دوو، کەوتە سەرسەقزو سنە"پارێگای سنە". بەڵام بێجگە لەکاری ئیداری، بۆ هەموو شتیک سەر بەبۆکانە.

**تورجانی دوای ڕاپەڕینی 1357**

لەگەڵ ڕاپەڕین لەئێران، تورجانیش وەک باقی کوردستان زۆر کەس ڕوویان کردە سیاسەت و حیزبایەتی. تورجان یەکێک لەو ئاواییانەبوو، لەناوچەکدا زۆرترین کەسی ڕوویان کردە شۆڕش و بوونە شۆڕشگێر لەڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی دێموکڕاتدا. کوڕو کچی زۆر، لەهەموو چین و تێژەکانی خەڵک، لەکوڕە شێخ، ڕەشایی، جووتبەندە و هتدە چوونە ڕیزی شۆڕشەوە. چەندین کەسی وەک پێشمەرگە گیانی لەدەستداوە. چەند کەسی سەقەت و بریندار بووە، ئێستاش کەسانی زۆری لەڕیزی شۆڕشدان و بۆ ئازادی و مافی خەڵکی کورد شۆڕش دەکەن. لەناو ئەوانەدا، کچە پێشمەرگە ئامینەی کاکە باوە، ئەوە چندین ساڵە بۆتە ئەندام پارلمانی وڵاتی سوئێد و کەسێکی دیارو هەڵسوڕاوە.

هەرەهاش لە ئاوایی تورجان، لەناو خەڵکی جۆراوجۆری تورجان، لەچین و توێژی جۆراوجۆردا، لە فەقیرترین بنەماڵە، تا دەوڵەمەندەکان، کەچۆن ڕوویان کردە شۆڕش بۆ ئازادی و بەدەست هێنانی مافی سیاسی و کۆمەلایەتی وڵاتەکەیان، ئاواش کەس بوون دژی شۆڕش ڕاوەستان. خۆفرۆشیان لێدەرهات. بوونە کەسی بێکەڵک و داردەستی دەوڵەت و خزمەتیان بەئامانجی بێگانەکردووە و ئێستاش هەرهەن ئەم کارەدەکەن.

**لەئاخردا دوو قسە لەگەڵ تورجانم.**

تورجان ئەو جێگایەیی من لەئامێزی تۆدا لەدایک بووم، بەخوێن لەبنەماڵی قزڵجیم و لەبنەماڵەیەکی کراوەم، نەوەی خەجیجەخانم و مامفەتحولام، شانازیت پێوەدەکەم. شانازی دەکەم تورجان زۆر کوڕو کچی ڕوویان کردە شۆڕش. لەقەدیم و لەئێستاش زۆر کەسی خوێندەوارو زانای هەبووە، بەدوای گۆڕان و بۆ ئازادی هەوڵیان داوە. شانازی بەو کەسانەوە دەکەم، بەهەر تواناو بیرو باوەڕێک، کەهەیانبێت، بەڵام بۆ خۆشی و ژیانی بەیەکەوە ژیان تێکۆشاون و تێدەکۆشن. تورجان وەک بیری سەرچاوەی کانی و کوێستانە پڕ لەڕێواس و کوڕادەو باسەفاکەت دەکەم، ئاواش بیری هاوڕێکانم، براو خوشک دایک و ئازیزانم دەکەم، کە ئێستاش تۆیان بەجێنەهێشتووە.

ئەحمەد بەهرامی" تورجان". 2015/3/7